

# مووچەی خانەنیشنی پێشمەرگە

رهبەر سەید برایم
Rhbar2006@yahoo.com

دەربارەی موچە پێویستە بەرنامەو پلان هەبێت,بۆ ئەوەی گچکەترین کارمەند مۆچەکەی بە گوێرەی رۆژگارو بازار بەشی بژێوی ژیانی بکات: ناکرێ کارمەند بەمووچەکەی نەژیت بەپێی بەرەکەی خۆی پێی راکێشاوە،پێی ژیاوە، جائەگەر پۆلیس، خزمەتگوزار،پاسەوان،کریکار.... هەرچیك بوویێت،لە جێگاو نیشتەجیی خۆی گواسترابیێتەوە،با نابەدلێش بووبێ وچووە پەیوەندی بە کارەکەی کردووە ،مال ومندالێ بردووە ،خانووی بە کرێ گرتووە،بە گوێرەی توانا ژیان وگوزەرانی کردووە،هەرچونێك بێت رازی بووە (وەزیفە ناسکە)لە هەموو زەمین زەمانێك کارمەند مووچەی چەند بووبێ بەلام هەر پێی ژیاوە، واچاکەلە جیاتی مووچە زیاد بکەن، نرخی بازار کەم بکەنەوە، تاکارمەند بژێت وهیند هەلپەی ژیانی نەبێت ،دەربارەی مووچە خەلکی کوردستان هەلویستی هەبووەلە پێناو خەبات وکوردایەتی و پێشمەرگایەتی وازی لە مووچە هێناوە رێگای شۆرش و تێکۆشانی گرتۆوە ،سەرەتای شورشی ئەیلول هەزاران کارموند بەتایبەتی پۆلیس پەیوەندیان بە شۆرشی کوردستانەوە کردووە،رۆلی بەرچاوی بینیوە!

لە پاش راپەرین کارمەندانی کوردستان هەلویستی لە خۆ بوردیان نواندووە،بێ منەتانە رفتاریان کردووە ،بەرگەیان گرتووە، ئەگەر چی بەعس لە بەشێکی کوردستان کشایەوە،ئەو دەمە گورگەکانی بەعس مابوون لە بەغدا، چاویان

بڕیبوە کوردستان بەڵام کارمەندانی کوردستان بە تایبەتی مامۆستایان ئەو دروشمەیان بەرز کردەوە(سەری بەرزمان بۆ موچە شۆڕ ناکەین) زۆربەیان ماڵ وحاڵی خۆیان فرۆشت و درێژەیان بە کاری خۆیانداو بێ مۆچە گوزەرانیان کرد (وەی لەو هەڵوێستە جوانە) پاش شکستی شۆرشی ئەیلول لە گەڵ

هەڵگیرسانەوەی شۆرش و ئاوەدان کردنەوەی سەنگەرە روخاوەکان،پێشمەرگە یەیدابوونەوە،هاتەنەوە شاخ و سەنگەری بەرگری و شەرف ،وەك بارانی بەرەکەت بارینە بەسەر خەلك و درەخت ودۆل و دەشت چەم و چیای کوردستان، ئەو سەردەمە پێشمەرگایەتی هێندە سەخت بوو ،دوژمن بە هێزو پۆشتەو پرچەك و پر پارەو دوستدار،شۆرش بێ دەرامەت و پێشمەرگە بێ مووچە وکەچە چەك، ئەوجا کەس وکاری دەگیراو تالان دەکرا،پێشمەرگە یەك قرانی وەرنەدەگرت لەسەر سکی خەلك بووە،تەنانەت شەهیدانەش نەبوو،شەهید کفنی نەبوو بەبەرگی خۆییەوە بە خاك دەسپێردرا،ئەو رۆژانە چەند پاك وپیرۆزو پرکوردایەتی وباوەڕئاگرین بوون ،چاویان لە هەتاوی ئازادی بوو.

لە ئەورۆی ئازادیی و ئەزمونی چەندین ساڵەی حکومەتی هەرێم.گەر پێشمرگایەتی وەك جاران نەمابێت و قۆناغی بەسەر چووبێت،خۆ سەروەری بۆ ماوەتەوە ،بەڵام خۆپێویستە ژیانی پێشمەرگەی خانشین تاکەناری مەرگ مسۆگەر بکرێت.

پێشمەرگە بە 37,500 هەزار دینار و 60,000 هەزار دینار خانەشین کراوە گەر پلەی نەبێ! دیارە ئەوموچەی کەمە! خۆ دەبی گوزەران بکات وبەشی بژێوی ژیانی بکا،بۆیە تا ئێستا مووچەی پێشمەرگەی خاننیشین بڕیاری لەسەر نەدراوەو یەکلا نەکراوەتەوە، دەبێ رەچاوی نرخی بازاڕ وهاوشانی کارمەندێکی ئاسایی و کاری بۆ بکرێ، ژیان لەگۆرانە نرخ لە بەرزبوونەوەیە .هەروەك

(ڤۆلتیردەبێژی:هەموومان یەك دیدوبۆچوونی یەکسانمان هەیە ،ئەویشکۆکردنەوەی پارەییە ) مۆزار پێی واییە پاش تەندروستی پارە لە هەموو شتێك باشترە!!
پێشمەرگەی دێرین وماندووبووو ،بەگشتی خەلك پێی ناخۆش نییە گەر ژیانی بۆ دابین بکرێت وموچەیەکی وای پێبدرێت ،مەیلەو باش بژیت گەرچی(ئانتۆنی رابێنز ) گوتوویەتی: هەرچەندە زۆرتر ببەخشی،زیاترت دەست دەکەوێت! ئیدی هەق وایە مۆچەکەم نەکەنەوە ، موچەخۆرکەم بکەنەوە!!